# کـورتـەیـەك دەربارەی چەکەکانی هێزی پیادە

وەرگێڕانی

ملازمی دوو

هێمن قادر حسین


POLICE
2012
ڕاگەیاندنی لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی

# ناوەڕۆك



| ز | ناوى بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پرژهاوێژى (الرشاشه) سوكى كلاشينكۆڤ تيرەه ٧.٦٢ملم | |
| | پرژهاوێژى سوكى كلاشينكۆڤ تيره ٧.٦٢ملم سێ پا (RPK) | |
| | چەكى نيشان شكێن (القنص)ى دراكانوف | |
| | دوربينى چاودێرى چەكى دراكانوف pso-١ | |
| | پرژهاوێژى م/ت تيره ١٢.٧ ملم (دوشكا) | |
| | دژه تانكى بەرگرى (SPG9) تيره ٧٣ ملم | |
| | هاوێژەر (قاژفه) RPG 7 | |
| | رومانەى دەستى | |
| | پرژهاوێژى M16 | |
| | پرژهاوێژى M4 | |

## وەرزی یەکەم

## چەکی سوکی کلاشنکۆف AK47 تیرە 7.62ملم



### ١- تیۆریای گشتی:

کلاشنکۆف یان (AK-47) ئۆتۆماتیکی کالاشینکۆفا ١٩٤٧ لە روسیا وەك چەکێکی پرژهاوێژ (الرشاشە) دروستیکرد. میخائیل کلاشنکۆڤ روسی کاتێك لە نەخۆشخانەبووە لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا ساڵی (١٩٤١ز)، هەستا بە توێژینەوە لە سەر چەند چەکێك کە ئەڵمانەکان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەکاریان دەهێنا، سەرەتا چەکێکی دروستکرد ناوی لێنا (MP44-STG) دواتر بۆ یەکەمجار چەکی کلاشینکۆڤ لە ساڵی (١٩٤٧) دروستکرد، لە ساڵی (١٩٥٠) ژمارەیەك زۆر لەم چەکەی لە کارگەی (IZH) دروسیتکرد و ساڵی (١٩٥٥) خستیە خزمەتی سەربازی سوپای ڕوسی، وەك چەکێکی سەرەکی تاك، دواتر چەند وڵاتێکی نزیك لە ڕوسیا ئەم چەکەیان بەکارهێنا و هەندێکیان دەستیان بە دروستکردنی کرد، ئەو وڵاتانەی بەکاریان هێنا بریتی بوون لە: سودان، کینیا، چین، کوریای باکور، بلغاریا، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، رۆمانیا، پولەندا، یوگسلافای، جەزائیر. عێراق و، لیبیا و، سوریا.

زیاتر لە (٤٠) دەوڵەت چەکی کلاشنکۆف بەکار دەهێنن لە جیهاندا، ئەم چەکە کاریگەرییەکی زۆر باش و سەرکەوتوی هەبوو بۆ بزوتنەوە چەکدار و شۆڕشگێڕییەکان، بەهۆی ئەوەی بەکارهێنانی ئاسانە و چالاکە لە بەکارهێناندا و توانای تەقەکردن و شەڕکردنی زۆر باشی هەیە.

لە ساڵی (١٩٥٩) چەکی (AK-47) گەشەی کرد و بوە (AKM) ئەمەی کۆتایی کێشی کەمتر و بواری دوری زۆرتر بوو لێوەشاوەتر بەکار دەهات و، ئاسانتر و هەرزانتریش بوو لەوەی پێشوو.

٢- **شێوازی بەکارهێنانی:**

چەکی کلاشینکۆف تیرە ٧.٦٢ ملم بەهۆی گاز و سپرینی گەڕانەوە دوای داخستنیان کاردەکات. جگە لە تەقەکردن بەهۆی لاق و بەستنی حەربە لەسەری توانای شەڕکردنی هەیە. توانای تەقەکردنی تاك و كۆی هەیە.

٣- **تایبەت مەندییە هونەرییەکانی:**

| | | |
|---|---|---|
| أ- | دورترین بوار کە فیشەکەی دەگات | ٢٠٠٠م |
| ب- | کاریگەری لە بەتاك لە دوری | ٤٠٠م |
| | کاریگەری بە کۆ | ٥٠٠م |
| | ئەگەر زیاد لە چەند چەکێکن ئەوە | ٥٠٠م |
| ت- | توانای کوشتنی | ١٥٠٠م |
| پ- | خێرایی دەرچونی فیشەك | ٧١٠م/چرکە |
| ج- | کێشی چەك بە مەخزنی بەتاڵ | ٣٨٠٠گرام |
| ح- | کێشی مەخزەن بە بەتاڵی | ٣٣٠گرام |
| خ- | کێشی بە مخزنی پڕەوە ٣٠ فیشەکەوە | ٨٣٠گرام |
| د- | کێشی حەربە بەبێ بەرگ | ٢٧٠گرام |
| ژ- | کێشی حەربە لەگەڵ بەرگ | ٣٧٠گرام |
| ر- | درێژی چەك بەبێ حەربە | ٨٧سم |
| ز- | درێژی چەك بە حەربەوە | ١٠٧گرام |

س- تیرەی چەك: ٧ز٦٢×٣٩.

٤- ئەم چەکە چەند جۆرێك تەقەمەنی دەتەقێنێت، بریتین لە:

أ- فیشەکی ئاسایی هیچ نیشانە و ڕەنگێکی پێوە نەبێت.

ب- فیشەکی بڕەی (الخارق) کە نوکی گولەکە ڕەنگی ڕەشی پێوە بێت.

ت- چەکی سوتێنەر (الخارق) کە ڕەنگی سوور لەسەر نوکی گولەکەبێت.

پ- بڕەری سوتێنەری نیشانەی سور و ڕەش لەسەر لوتی گولەکەبێت.

ج- گڕدار لەسەر نوکی فیشەکەکە ڕەنگی سەوزبێت.

ح- فیشەکی بەکارهێنراو لەگەڵ چەکی بێدەنگدا کە بە نوکەکەی ڕەنگی سەوز و ڕەشی پێوەیە.

## وێنەی جۆرەکانی تەقەمەنی




## پێکهاتەی فیشەك




١- گولە. ٢- قەوان. ٣- باروت. ٤- کەبسول.

## وەستان و خێرا كار پێكردنى

| وەستانەكان | هۆكار | چارەسەرى خێرا |
|---|---|---|
| تەقەنەكردن | يەكەم. خراپبونى گيرەى مەخزنەكە و ژەنگاوى بونى.<br>دووەم. گيربونى ناو مەخزنەكە وادەكات كە سپرينى گەڕانەوە فيشەك ڕانەكێشێت.<br>سێيەم. خاوبون و سستبونى سپرينى مەخزەنەكە.<br>پێنجەم. پيس بونى مەخزەنەكە. | يەكەم. ميلەكەى ڕا بكێشەوە و دەست بكە بە تەقەكردن<br>دووەم. ئەگەر تەقەى نەكرد مەخزەنەكە بگۆڕە دەست بكە بە تەقەكردن<br>سێيەم. ئەگەر كێشە لە زمانى مەخزنەكەبو ئەوە چەكەكە بنێرە بۆ كارخانە |
| ب- پياكێشانى فيشەك بە كۆتايى حوجرە.<br>چونكە: ميلەكە ناڕوات بەرەو پێشەوە | يەكەم. لاربونى لێوى مخزن.<br>دوەم. لاربونى دكەى مخزن | يەكەم. مەخزەنەكە بەرز بكەرەوە و دوبارە ميلەكە ڕا بكێشەوە بۆ ئەوەى فيشەكە گيرخواردوەكە بكەوێتە خوارەوە.<br>دووەم. مخزنەكە بگۆڕە. |
| ج- چروك<br>چونكە: تەقە كردن ڕونادات | يەكەم. كەبسولەكە پالّى نەناوە بەپێشەوە<br>دووەم. دەرزى نەگەشتوەتە كەبسولەكە لەكاتى تەقەكردندا.<br>سێيەم. نەرمى و خراپبون لە دەرزى.<br>چوارەم. تەقەنەكردن | يەكەم. فيشەكەك دەر بهێنە و دوبارە دەست بكەرەوە بە تەقەكردن.<br>ئەگەر تفەنگەكە تەقەى نەكرد پاكى بكەرەوە و دەرزى بپشكنە ئەگەر شكاوى يان لارى يان نەرم بونەوەت بەدى كرد بى نێرەوە بۆ كارگە |
| ت- گيربون<br>چونكە: قەوانى بەتالّ لەناو حوجرە دەمێنێتەوە فيشەكى دووەم لەنێوان مخزن و ترباس دا | يەكەم. پيسى ئەقسام و ميل<br>دووەم. ماندو بونى لەقاف و سپرينى گەڕانەوە | يەكەم. مەخزنەكە بەرز بكەرەوە و فيشەكە گيربوەكە دەر بهێنە و قەوانە بەتاڵەكە بەهۆى شيشى پاككردنەوە لە لولەى تفەنگەكە پالّ پێوەبنێ تا لە سەبەتانەكەوە دەكەوێتە خوارەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| دەوەستێت | | حوجرە پاك بكرەوە و چەوری بكە دەست بكەرەوە بە تەقەكردن. سێیەم. ئەگەر تەقەی نەكرد ئەوە بینێرەوە بۆ كارخانە بۆ چاككردنی |
| ر- قورسی تەقەكردن. چونكە: مانەوەی قەوانی خاڵی لە چەكەكەدا و تەقەنەكردن | یەكەم. پیسی میل. دووەم. پیسی بۆری غاز. سێیەم. خراپ بونی لەقاف و سپرین وادەكات كە بۆشای بكەوێتە نێوانیانەوە. چوارەم. ماندو بونی كەلاب | یەكەم. قەوانە بەتاڵەكە دەر بهێنە و دەست بكە بە تەقەكردن. دووەم. ئەگەر دووبارە وەستایەوە بۆری غاز پاك بكەرەوە. سێیەم. ئەگەر دیسانەوە وەستا بینێرە بۆ كارخانە. |

## وەرزی دووەم

## پرژێنەری سوکی کلاشینکۆف (RPK) تیره ٧.٦٢ ملم سێ پا

## وێنەی چەکەکە



### ١- تیۆریای گشتی:

چەکێکه یەکێتی سۆڤیەت له ساڵی (١٩٦١ز) دروسیترکرد له ساڵی (١٩٦٤ز) خستیه خزمەتی سەربازییەوه و له ڕۆژی نمایشی سەربازی بەبۆنەی ١ ئایاری جەژنی کرێکارەوه لەساڵی (١٩٦٦) به فەرمی له گۆڕەپانی سوردا ناساندی. بویه چەکێك که زۆربەی سوپاکانی بەشداری پەیمانی وارسۆ بەکاریان هێنا، دواتر گۆڕدرا بۆ (RPK-74) ٥.٤٥ملم، به چەکێکی سەرەکی پشتیوانی دەستەی پیاده بەکاردێت، ئەم چەکه لەلایەن دوو کەسەوه بەکاردێت ئەوانیش ١- تەقەکەر، ٢- هەڵگری تەقەمەنی.

### ٢- شێوازی بەکارهێنان:

چەکەکه بەهێزی غاز و سپرینی گەڕانەوه کار دەکات و به گەڕانەوەی میل لەلای ڕاستی چەکەکه کار دەکات.

٣- **تايبەت مەندييە هونەرييەكانى:**

| | | |
|---|---|---|
| أ- | ١- درێژترين ماوەى دورى فيشەكى دەگاتە | ٣٠٠٠م |
| ب- | ٢- كاريگەرى كوشتن | ١٥٠٠م |
| ت- | ٣- شوێنى كاريگەر | ٨٠٠م |
| پ- | ٤- كاريگەرى لەسەر بەربەستى ئاسنى | ١٠٠٠م |
| ج- | ٥- كاتى دەرچونى فيشەكە | ٧٤٥م/چركەيەك |
| ح- | ٦- كێشى پرژێنەر مەخزەنى بازنەى بەتاڵى (٧٥) | ٥.٦٠٠ گرام |
| خ- | ٧- كێشى پرژێنەرەكە بە مخزنى بازنەى پڕى | ٨.٦٠٠گرام |
| د- | ٨- كێشى پرژێنەرەكە بە مخزنى كەوانەيى بەتاڵى (٤٠) | ٥ كگرام |
| ژ- | ٩- كێشى پرژێنەرەكە و بە مخزنى كەوانەيى پڕى | ٥.٦٠٠كگرام |
| ر- | ١٠- درێژى پرژێنەرەكە | ١.٠٤٠ |

**تێبينى: زۆرترين كاريگەرى لەسەر ئامانجە زەنييەكان لە دورى (٨٠٠م) دژى فرۆكە و بەرزى و دابەزينى پەڕەشوت (٥٠٠م)ە.**

## وەرزى سێيەم

## پرژێنەرى ناوەندى (BKC) تيرە ٧.٦٢ملم

### وێنەى چەكەكە



١- **تيۆرياى گشتى**:

پرژێنەرى ناوەندييە لە كۆمەڵەى چەكە بەكارهاتوەكانى (GPMG) كورتكراوەى (General Purpose Machine Gun) نازناوى (BK) يان لێناوە لەكاتى دانانى بەسەر قاچەكانيەوە پێى دەوترێت (BKC) يەكێتى سۆڤيەت دروستيكردووە.

لە (١٩٦٩) تا ئەمڕۆ بەكاردێت، هەموو پەسن و تايبەت مەندييەكانى كلاشينكۆف ديكتريۆڤى تيايە، بەهۆى توانا بەرزەكەيەوە دەناسرێتەوە. كاريگەرى لەسەر تانك و هەندێك فرۆكەى دەبێت، هەروەها ئەم چەكە لەسەر ئەوانيش بەكار دێن، زۆربەى سوپا ڕۆژهەڵاتييەكان بەكارى دەهێنن، هەروەها لەلايەن هێزى پيادە بەكاردێت.

٢- **شێوازى بەكارهێنان**:

پرژێنەرەكە بەهۆى هێزى گاز و سپرينى گەڕانەوە تەقە دەكات و بە كۆ تەقە دەكات و بەهۆى تەقەكارى لێزان و بەتوانا دەتوانرێت بە تاكيش تەقەى پێ بكرێت، بەتايبەت ئەگەر پەنجە بخەيتە پشتى بەلەپيتكە و بازنەى پاراستنى بەلەپيتكە و پەنجەى دووەم لەسەر بەلە پيتكە دابنێيت، بەهۆى خێرايى تەقەكردن زۆر لە غازەكەى بە هەوا دەڕوات.

٣- **تايبەت مەندييە هونەرييەكان:**

أ- دورتين بوارى گەشتنى فيشەكەكەى ٣٨٠٠م

ب- كاريگەرى لە نێوەندى ١٠٠٠م

ت- كاريگەرى كوشتن ١٥٠٠م

پ- كاريگەرى بەگژاچونەوە نزيكى بۆ مائانجى ڕۆشتوو (٤٠٠م) بۆ ئامانجى وەستاو (٦٥٠م)

ج- خێرايى سەرەتاى دەرچوون ٨٢٥م/چركەيەك

ح- درێژى چەكەكە لە گرپۆش ١١٨٥ملم

خ- درێژى لە سەبەتانەوە ٥٥٠ملم

د- كێشى بەبێ بنكەكەى ٩ كغم

ژ- كێشى بە بنكەكەيەوە ١٦.٧كغم

ر- كێشى سندوقى پڕى (١٠٠)فيشى ٣.٩ كغم

ز- كێشى مخزنى پڕى (٢٠٠) فيشكى ٨كغم

س- تێكڕاى تەقەكردن ٢٥٠ فيشەك/ خولەكێك

ش- تێكڕاى تەقەكردنى تيۆرى ٦٥٠فيشەك/ لە خولەكێك

٤- **تێبينييەكان:**

أ- ئەم پرژێنەرە دوو جۆر تەقەى هەيە بە كۆى ماوە كورد (١٠) فيەشەك بەيەكەوە و كۆى ماوە درێژ (٣٠)فيشەك دەتەقێنێت.

ب- هەموو (٥٠٠) فيشەكێك سەبەتانەكەى دەگۆڕێت.

ت- بە پلەى بەرزى بۆ گۆشەى ٩٠ پلە تەقە دەكات و بۆ ئامانجى زەمينى (٣٦٠)پلە تەقە دەكات بەسەر بنكەكەيەوە.

٥-	دەستە (مەفرەزەی)ی پرژێنەری (BKC) لە:

أ-	فەرماندەی دەستە.

ب-	تەقەکەر.

ت-	پڕکەرەوە. پێك دێت.

٦-	ئەو ڕۆنانەی بەکاردێن بۆ پاككردنەوەی چەکەکە:

أ-	چەوری ئاسایی چەکەکان.

ب-	زەیتی چەك.

ت-	پێکهاتەی RGS.

پ-	پەڕەی پاككەرەوە.

ج-	قوماشی کەتان بۆ پاككردنەوەی سەبەتانە.

وێنەی بیکەیسی



## وەرزى چوارەم

## چەكى نيشان شكێنى دراكانوف

### وێنەى چەكەكە



١- **تيۆرياى گشتى.**

بەرهەمى ڕوسييە سالّى (١٩٥٦) دروستكرا و لە سالّى (١٩٦٧) خرايە خزمەتى سەربازى، كێشێكى كەمى هەيە و ئاسان دەگوازرێتەوە و نيمچە ميكانيكييە. وەك كلاشينكۆف بەكاردێت بەلاّم بەكارهێنانى شكێنەر هەندێك جياوازى هەيە لەڕوى تايبەت مەندى و قەبارە و كێشەوە. چەكەكە لە لاقەكەى كرانەوەيەكى تێدايە هەندێك ئاسانكارى بۆ هەلگرەكەى هەيە، ئەتوانى لەڕێگەى دوربين يان نيشانگرەكانيەوە سەيرى ئامانجەكەت بكەيت. ئەو دوربينەى كە بۆ نيشان شكێن بەكاردێت لە جۆرى (pso-1) بەدرێژى (٣٧٠)ملم و هاووێناى تايبەت. (X4) لەگەلّ پارچەيەكى لاستيكى لە بەردەم چاودا هەروەها باترى ڕوناككەرەوەى شاشەى هەيە هاوكارى دەكات بۆ ئەوەى شەو بەكاربهێنرێت و كێشى چەكەكەش سوك بكات. چەكێكە هەموو كات و لە هەموو بارودۆخێكدا پشتى پێ دەبەسترێت. لە كەشى جۆراو جۆر و بۆ ماوەيەكى درووودرێژ بەبێ ئەوەى پەنا بەريتە بەر پاككردنەوەى بۆ ماوەيەكى زۆر پارێزگارى لە پێكانى وردى خۆى دەكات. چەكى دراكانوڤ تيرەى ٧.٦٢×٥٤ملم نيوەى ئالييە چەكێكى تاكى و كەسى سەربازە كاريگەرى گەورەى هەيە. بۆ

لەناوبردنی ئامانجی وەستاو و دولاو و شاراوە بەکاردێت وەك هێرشی لەناکاو و غافلگیر و بۆ چارەسەری هەندێك بەربەستی جەنگی بەکاری دەهێنن.

٢- **شێوازی بەکارهێنانی:**

چەکەکە بەهۆی هێزی غاز و سپرینی گەڕانەوە تەقە دەکات دوای ئەوەی بەتەواوی داخرا و پڕکرایەوە و دەرزی خولی تەواوی خۆی خوارد ئامادەیە بۆ تەقەکردن.

٣- **تایبەت مەنییە جەنگییەکانی:**

أ- دورترین نێوەند کە پێی دەگات ٣٨٠٠م

ب- خێرایی سەرەتای دەرچونی فیشەك ٨٣٠م/ لە چرکەیەك

ت- بواری کاریگەر تەقەکردن بۆ ئامانجی زەمینی بینراو ٨٠٠م

پ- بواری کاریگەر بۆ ئامانجی بینراوی پشت بەربەست ٨٠٠م

ج- بواری کاریگەری بۆ ئامانجی پشت بەربەست ٤٣٠م

ح- کاریگەری بۆ پێکانی ئامانجی شێوە بەپێوە بوو ٦٤٠م

خ- بواری کاریگەری بۆ پێکانی ئامانج تەنها سەرەوە بەبەرزی ٣٠م ٣٥٠م

د- دورترین ماوەی بینین ١٣٠٠م

ژ- دورتین ماوەی پێکانی ئاسنی ١٢٠٠م

٤- **تایبەت مەندییە هونەرییەکانی:**

أ- کێشی چەکەکە بە دوربینی و مخزنی بەتاڵ و قاچەکانی بەبێ حەربە ٤.٣کغم

ب- کێشی مخزی بەتاڵ ٤٥٠کگم

ت- کێشی حەربە بەبێ بەرگ ٣٦٠کگم

| | | |
|---|---|---|
| پ- | كێشى فيشەك | ٢١.٨كگم |
| ج- | كێشى گولەى پۆڵاين | ٩.٠٥گم |
| ح- | كێشى دوربين | ٨٥٠گم |
| خ- | درێژى چەكەكە | ٥٨٠ملم |
| د- | درێژى سەبەتانە | ٦٢٢ملم |
| ژ- | نێوەندى دوربين و شعيرە | ٥٨٧ملم |
| ر- | ژمارەى هێڵەكانى ناو سەبەتانە | ٤ |
| ز- | پانى شعيرە | ٢ ملم |
| س- | هەر مخزنێكى ١٠ فيشەك دەگرێت | |

٥- **کەرەستە سەرەکییەکانی چەکی نیشان شکێن:**

أ- سەبەتانە قاچی ئاسنی بەدەن.

ب- داپۆشەری بەدەن (سەردار)

ت- دەرزی.

پ-ماڵی دەرزی.

ج- مەدەك.

ح- بۆری غاز.

خ- ژێردار.

د- کۆمەڵەی میل.

ژ- عەتەلەی بەدەن.

ر- قۆناخ.

ز- دوربین.

س- حەربە.

**وێنەی هەڵوەشاوەی چەك**



## وەرزی پێنجەم

### ١- دوربینی چاودێری و نیشان شکێنی دراکانوف (pso-1)

دوربینێکی تایبەتە بۆ چەکی دراکانوف ساڵی (١٩٦٣) نەخشێنراوە لەلایەن کۆمپانیای نوفروسیبیرسك. ئەم دوربینە توانای گەورەکردنی هەیە تا ئەو ئاستەی کە پێویستبێت بۆ بینین ئامانجەکەت. تیرەی هاووێنەکەی دەگاتە (٢٤)ملم بەڵام عەدەسەی بینینەکەی دەگاتە (٣٢)ملم بە بەرگێکی مەتاتی لاستیکی دەور دراوە.

واتە ئەتوانی ئە چوار ئەوەندەی چاوی ئاسایی ئامانجەکەت ببینیت، واتە ئامانجێك کە (١٠٠) مەتر لێتەوە دوربێت تۆ ئەتوانیت بەو دوربین بە دوری (٢٥) مەتر بیبینیت.

دوربینەکە بەتێچویەکی کەم و ئاسان بەکارهێننان ڕێگەی دورت بۆ نزیك دەکاتەوە زۆر ئاسانیش بەکاردێت و نێوەندی دور نزیك دەکاتەوە. بە ئاسانی توانای ئەوەی هەیە کە ئامانجەکەت بۆ ڕون بکاتەوە و وەك ئەوەی بەچاوی سەر سەیری بکەیت. پێویستت بە ئامێری ئاڵۆز نییە بۆ نزیککردنەوەی ئامانجەکەت.

ئەم ئامێرە زۆر بە ئاسانی ئەوەت بۆ دەکات کە بەڕۆژ ئامانجەکەت بۆ ڕون بکاتەوە بەر لە تاریکی کەمیشدا بەهۆی ئەو گڵۆپەی تیایەتی توانای ئەوەی هەیە ئامانجەکەت بۆ جیا بکاتەوە و بۆت دیاری بکات.

ئامانجی دوری (٦٠٠)مەتر بەشێوەیەك نزیك دەکاتەوە کە توانای زیاتر ببەخشێت بە تەقەکار و ببێتە پاڵپشتێکی باش بۆ هێزە پیادەکان. لەبەر ئەوەی بە ئاسانی تاك توانای ئەوەی هەیە مامەڵەی لەگەڵ بکات.

## وێنەی ڕونکاری دوربینەکە




٢- **ڕێو شوێنی سەرەکی شوێنی چاودێریکردنی:**

أ- بەدەن.

ب- کۆمەڵەی هاووێنە و عەدەسەی ناوخۆیی.

ت- وێنەی دوریی و تارماییەکانی ناو دروبینەکە.

پ- ئامێری ڕوناککەرەوە.

ج- ڕوناکی زستانە.

ح- چاو پارێزی لاستیکی.

خ- سکەی جێگیرکردن.

د- دوگمەی جێگیرکردن.

ژ- شوێنی پیل.




شبكة السداده

٣- **دیاریکردنی دوریيەكان لە ناو تۆڕی دوربینكە:**

ئەتوانیت لە میانەی ئەم دوربینەوە بواری لادان و لاربونەوەی لە خواری تۆڕەكە ببينيت، ژمارەی ٢ تا ١٠ لەسەرە كە ئەمانە پێوانەی سەدانن واتە هەر ژمارە و سەد مەترە بەڵام ژمارە (١.٧) درێژی مام ناوەندی بەرز و نزمی باڵای مرۆڤە، واتە ئاستی نزیكترین ژمارە لە باڵابەرزی و باڵا نزمی كە ئاستی مام ناوەندی و گشتییە. ئامانجی ئەم كارە برتییە لەوەی كە قاچی ئامانجەكە بخەیتە سەر ئەو هێڵە درێژەی كە لە خوارەوە كێشراوە و سەری بەر هەرژمارەیەك كەوت ئەوە ئەو دوریەیە كە نزیكە لە ئامانجەكەتەوە، بۆ نمونە ئەمەی خوارەوە واتە (٤٠٠) مەتر لێتەوە دورە.

**وێنەی ڕونكاری لاپەرە (٢١)**




وەك دەبينين كەسەكە لەسەر ژمارە (٤) واتە (٤٠٠) مەتر لێمانەوە دورە، سەری دەخەینە ناوەڕاستی ئەو ئاماژەیەی دیاری كراوە.

## وەرزی شەشەم

## پرژێنەری م/ت تیرە ١٢.٧ ملم (دۆشکە)

### وێنەی چەکەکە



### تیۆریای گشتی:

پرژێنەرێکی سۆڤێتییە قورسی دژی فرۆکەیە و تیرەی گولەکەی (١٢.٧) ١٠٨ ملم. سەرەتا لەلایەن ڤاسیلی دگتیریوف دروستکرا، دواتر بە هاوکاری دیزاینەری چەك گینادی شباگین دارِژایەوە و بەم شێوەیەی ئێستای لێی کرد. لە زۆر وڵاتی عەرەبی و بیانی ئەم چەکە بەکار دەهێنن، پێی دەوترێت (دۆشکە) چین بەردەوامە لە دروستکردنی. هەروەها ئێران و پاکستانیش دروستی دەکەن بۆ سەر بەلەمی بچوك. چەکێکی تاکی پرژێنەرە. تایبەتە بە تەقەکردن بۆ ئامانجی ئاسمانی و زەمینی و پەرەشوت و هێزە زەمینیی و ئاوییەکان بەهێزی غاز ئیش دەکات. وەك هەموو چەکەکان سپرینی گەرانەوەی هەیە و دوای کارکردنی بەشەکانی دەست بە تەقەکردن دەکات.

**تایبەت مەندییە هونەرییەکانی:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | چەکێکی ئالی ئۆتۆماتیکی دوربڕە بەشەکانی زۆر بەهێز و ئەستور و پتەون بە ئەستەم دەشکێن و دەردەچن. | |
| ٢- | کێشی چەك | ٣٤کگرم |
| ٣- | کێشی سەبەتانە | ١٢.٧٠٠کگرم |
| ٤- | کێشی شریتی بەتاڵ | ١.٣٠٠کگرم |
| ٥- | کێشی مسندەتی شانەکانی | ٣ کگرم |
| ٦- | کێشی گشتی چەکەکە بەبێ فیشەك | ١٥٨ کگرم |
| ٧- | لەگەڵ پشتوێنەکەی | ١٨٠کگرم |
| ٨- | درێژی چەك | ١٦٢٦ ملم |
| ٩- | درێژی سەبەتانە | ١.٧م |
| ١٠- | ژمارەی هێڵە لور پێچەکانی ناو سەبەتانە | ٨ دانەیە |

**شێوەی چەکەکە بەگشتی:**

١- بەدوای ئۆتمبیل و بەسەر تایەوە ڕادەکێشرێت.

٢- لەسەر زرێپۆشی ئاساییەوە بەکاردێت.

٣- لەسەر سێ پا دایدەنێت و بەکاری دەهێنیت.

**تایبەت مەندییە جەنگییەکانی:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | دورترین ئاستی گەیشتنی گولەکەی | ٧٠٠٠م |
| ٢- | دوری کاریگەری بۆ بریندراری کردن | ٣٥٠٠م |
| ٣- | کاریگەری بۆ لێدان لە زرێپۆش | ٥٠٠م |
| ٤- | دوری کاریگەر بۆ ئامانجی ئاسمانی | ١٦٠٠م |

٥- خێرایی سەرەتای دەرچونی گولەکە ٨٣٠م/چرکە – ٨٥٠م/چرکە

٦- سەبەتانە لەگەڵ (٥٠٠) گولەدا دەبێت بگۆڕدرێت

٧- تواناى هەیە درعێکى (١٥ملم) ببڕێت لە دورى (٥٠٠م) بە گۆشەى (٩٠)

٨- تێکڕاى تەقەکردنى تیۆرى (٦٠٠) گولەیەکە/ کاتژمێرێکدا.

٩- تێکڕاى تەقەکردنى (١٠٠) گولەیە/ لە خولەکێکدا.

**تێبینییەکان:**

١- شریتەکان لە لاى ڕاستەوە بۆ چەپ دەخرێتە ناو چەکەکەوە.

٢- ئەتوانى کەوانەیەکى ئاگرین بە درێژى (١٢٠پلە) دروست بکەیت بەبێ ئەوەى چەکەکە بجولێنیت، بەڵام بۆ ئامانجى ئاسمانى تواناى هەیە (٣٦٠پلە) بیجولێنیت، بۆ ئامانجێکى کە (٨٠پلە بەرزبێت).

**بەشە سەرەکییەکانى رشێنەرەکە:**

١- گرپۆشى نییە.

٢- کۆمەڵەى شەعیرە و شانى شەعیرەى هەیە.

٣- بۆرى غازى هەیە.

٤- سەبەتانەى هەیە.

٥- دەسکى هەڵگرى سەبەتانە.

٦- تواناى هەیە رشێنەرەکە جێگیر بکەیت.

٧- بەستەرى جوڵەى بەرزکردنەوەى خێراى هەیە.

٨- بەستەرى جوڵەى لاکانى خێرایە.

٩- بازنەى بەستەر و هەڵگرى لەسەر قاچى هەیە.

**مەفرەزەی رشێنەرەکە لە (٣) ئەندام پێك دێت**

١- فەرماندەی دەستە. ٢- تەقەکەر.

٣- پڕکەرەوە.

**باسکردنی بەشەر سەرەکییەکانی رشێنەرەکە:**

١- بەدەن:

بەبەشی سەرەکی رشێنەرەکە دادەنرێت.

٢- سەبەتانە:

فیشەکەکان ئاراستەی ئامانجەکە دەکات و جوڵەی خوڵانەوەش بە هەلگرەکە دەبەخشێت.

٣- ئاسانکەری پەرش بوون:

بەریەککەوتنی غازی نییە لەناوخۆیدا.

٤- ڕێکخەری غاز:

بە ڕیکخراوەیی غازی پێویست بەکاردەهێنێت بۆ گەڕاندنەوەی میل بۆ دواوە.

٥- داخستن:

أ- فیشەك دەخەیتە ناو حوجرە.

ب- حوجرە دادەخەیت.

ت- ڕودانی تەقە ئەنجام دەدرێت.

پ- دواتر قەوانەکە لە ناو حوجرە فڕەدەدات.

**داخەر (المغلاق) لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:**

١- بەدەنی داخەر مەبەست لێی بەستنی سەرجەم ئەندامانی داخەرە.

٢- لێدەر (طارق) مەبەست لێی پاڵنانە بە دەرزییەوە بۆ ئەوەی بەکردەیی تەقە بکات و زنانەکە دابخات.

-٣ زمانەی داخەر بۆ ئەوەی مغلاق نەیەتە دەرەوە کاتێك دێتە دواوە.

## وێنەی هەڵوەشاوەی چەکەکە



## وەستان و کارکردنی خێرا لەسەر چەکەکە

| وەستانەکان | هۆکاری گریمانەیی | چارەسەر |
|---|---|---|
| ١- چروککردن | ١- خراپبونی کەبسول و حەشوەی سەرەتایی.<br>٢- شکانی دەرزی.<br>٣- شکان یان لاوازی سپرینی گەڕانەوە<br>٤- پیسبونی میل و بەتایبەت بەردەم دەرزی | ١- کارەکە بوەستێنە.<br>٢- پشکنین بۆ دەرزی و سپیرینی گەڕانەوە بکە و بیان گۆڕە.<br>٢- بە باشی رشێنەرەکە پاکبکەرەوە |
| ٢- ئاستەنگی فڕەدان | ١- پیسبون و بونی خڵتەی غاز لەسەر میل.<br>٢- شکاندنی فڕەدەر<br>٣- شکاندنی گیلەی عەتەلەی پڕکەرەوە | ١- رشێنەرەکە پاك بکەرەوە.<br>٢- فڕەدەر بپشکنە.<br>٣- کەلاب بپشکنە |
| ٣- گرانی گرتن (اللقف) | ١- شکانی گرتن و نابز<br>٢- فراوان بونی حوجرە. | ١- کارەکە بوەستێنە و دوبارە دەست بکەرەوە بە پشکنینی رشێنەرەکە و هەڵوەشاندنەوەی بگەڕێ بەشوێن هۆکاری تەقە نەکردنەکەی. |
| ٥- پڕنەبونی حوجرە | أ- شکاندنی لەقاف و سپرینی گەڕانەوە<br>ب- پیس بونی حوجرە.<br>ج- ڕوشانی نوکی اگلاقە | أ- کارەکە دوبارە بکرەوە ئەگەر دیسان وەستان ڕشێنەرەکە خاڵی بکەرەوە و هەڵی بوەشێنەوە و بزانە بۆچی وەستاوە |
| ٦- گیربونی فیشەك و کەڵەکەبونی | أ- شکانی گیرەی جێگیرکردنی بۆشایی پڕکەرەوە ڕێڕەوەکەی.<br>ب- ڕوشانی غەتاسی پڕکەرەوە | أ- ناردنی بۆ کارگە |
| ٧- گیربونی شریتی فیشەك | أ- هەڵە لە پڕبونی شریت<br>ب- گیربونی شریت | أ- ڕشێنەرەکە خاڵی بکەرەوە و تەقەمەنییەکان بپشکە لە شریتەکە |
| ٨- شکانی قەوان لە حوجرەدا | أ- ڕوشانی حتار لە ڕوی داخەرەوە.<br>ب- ڕوشانی زمانەی داخەر. | أ- ڕشێنەرەکە بە شیشی پاککەرەوەکە پاك بکەرەوە. |
| ٩- لاربونی گولە لەکاتی ڕۆشتنە ناوەوەی حوجرە | أ- شکانی عەتەلەی سپرین | أ- بینێرە بۆ کارگە |

## وەرزی حەوتەم

## دژە تانکی (SPG9) تیرە ٧٣ملم



**تیۆریای گشتی:**

دورهاوێژێکی ڕوسییە ساڵی (١٩٥٠) دروستکراوە. ساڵی (١٩٦٣) هاتوەتە ڕیزی سوپای ڕوسیەوە و بە نوکە ڕم ناسراوە. تا ئێستاش سوپای ڕوسیا بەکاری دەهێنێت. لەم ڕۆدا لە چەند وڵاتێکی دیکە بەرهەم دێت لەوانە (کۆریا، ئێران، چین) لەلایەن هێزە پیادەکانەوە بەکاردێت. دژی زرێپۆش و بارهەڵگری گولە نەبڕ و ئۆتۆمبیلی جەنگی و هەروەها کۆبونەوەی مرۆڤ لە پشتی بەربەستی کۆنکرێتی و ناو خانوو. نەخشە سازە سۆڤێتییەکان گەشەیان بە جۆرێکی نوێ لە تەقەمەنی داوە و، دوو جۆر تەقەمەنییان بۆ (SPG-9) دروستکردووە، ئەوانیش تەقەمەنی و کاریگەری زۆر بەهێز(FRAG-HE) و تەقەمەنی دژی تانك (HEAT)، گولەکانی لە جۆری جێگیرکارن و حەشۆی پێوەیە لەگەڵ بونی پاشکۆی پاڵنەڵ دژی دەبابە.

١- قازیفەی پرژدار م/أ هێماکەی (O)یە.
- بەکاردێت دژی مرۆڤ و ئۆتۆمبیل.

٢- قازیفەی بڕر م/د هێماکەی (k)یە.
- بەکاردێت دژی ئامانجی زرێپۆش و بەربەستە بەرگرییەکان.

تەقەمەنییەکەی بەکۆڵەپشتی تەقەکەرەکان هەڵدەگیرێت. لە کۆڵە پشتێك کە درێژی دەگاتە (٢٠م-٣٠م) تیرەی ناوەکەی دەگاتە (٥٠سم).

دورهاوێژەکە دەنگێکی بەهێزی هەیە لەکاتی تەقەکردندا بۆیە گوێ پارێز و کەپی گوێیان داناوە بۆ مەفرەزەکە.

دورهاوێژەكە لەلايەن كارمەندەكانەوە بەكۆڵ دەگوازرێتەوە بۆ شوێنى نزيك و، بەدواى ئۆتۆمبيل و بەسوارى ئۆتۆمبيل دەگوازرێتەوە بۆ شوێنى دوور. كاتى پێويست بۆ ئەوەى لە شێوەى ڕۆشتندا بيخەيتە سەر شێوەى تەقەكردن و بە پێچەوانەوە پێويستت بە (٢٥-٣٠ چركەيە).

**مەفرەزەى تەقەكردن پێك دێت لە چوار كەس.**

١- فەرماندەى دەستە.

٢- تەقەكار.

٣- پڕكەرەوە.

٤- تەقەمەنى هەلگر. شۆفێرى ئۆتۆمبيلەكە.

**تايبەت مەندييە هونەرييەكان:**

| | |
|---|---|
| ١- كێشى دورهاوێژەكە لەگەڵ هەلگرەكە | ٢٤كگم |
| ٢- كێشى دورهاوێژەكە بەبێ هەلگر | ٤٦.٥كگم |
| ٣- كێشى هەلگرەكەى | ١٤.٥كگم |
| ٤- كێشى ڕومانە بەگشتى لەگەڵ حەشتوەى پاڵنەر | ٤.٤كگم |
| ٥- كێشى ڕومانە بەبێ حەشوە | ٢.٦كگم |
| ٦- كێشى حەشوەى پاڵنەر | ١.٨كگم |
| ٧- درێژى دورهاوێژ | ٢١١سم |
| ٨- درێژى تەواوى ڕمانەكە و حەشوە | ١١١.٥٠سم |
| ٩- درێژى ڕومانەكە | ٧٧.٥سم |
| ١٠- درێژى حەشوەى پاڵنەر | ٣٤سم |
| ١١- كێشى هەلگرى تەقەمەنى لەگەڵ سێ ڕومانە بەگشتى | ١٦.٤٠كغم |

١٢- درێژی دورهاوێژ لە قاچەکانیەوە بۆ دوا ٩٩سم

١٣- زۆرترین بەرزی دورهاوێژ لەکاتی تەقەکردن ٨٠سم

١٤- بەرزی هێڵی تەقەکردنی دورهاوێژ لەسەر زەوی ٣٩-٧٠سم

١٥- دوربینی ئاراستەکردنی جۆری (sgo-9)

أ- تواناى گەورەکردن: ٣ جارە.

ب- پانی بینین: ١٣ پلەیە.

ت- تۆڕی زرێ پۆش کۆدەکەی لە: ٦ تا ١٢ کۆدەکەی (KYM).

پ- تۆڕی مرۆڤ لە: ١٢ بۆ ١٢ و بە هێمای (ock).



**تایبەت مەندییە تەعبەوییەکانی:**

١- تیرە ٧٣ملم

٢- دورترین بوار بۆ زرێپۆش ١٣٠٠م

بۆ مرۆڤ ٤٥٠٠م.

٣- بواری تەقەکردنی کاریگەری بۆ دەبابە ٨٠٠م

بۆ کەسەکان ١٠٠٠م

٤- خێرایی سەرەتای تەقەکردن (٤٣٥م/چرکەیەك) دوای ئەوەی گولەکە (١٠٠-١٥٠م) بڕی خێراییەکەی دەگاتە (٧٠٠م/لە چرکەیەکدا).

٥- توانای هەیە بەربەستێکی پۆڵاینی (٣٠سم) ببڕێت.

٦- دورهاوێژەکە توانای هەیە کە بەوردی ئامانجەکە بپێکێت کە بەرزی (٢م) یان زیاتر بێت.

٧- کۆی تەقەکردنت ٦ گولە لە خولەکێکدا.

٨- توانای بڵاو بونەوە و بەرزبونەوەی هەیە بۆ گۆشەی (٣٠)

٩- توانای ئاراستەکردنی بۆ لاکان بە گۆشەی (٧).

## پڕكردن و خاڵى كردنى (spg-9)

### ئەركەكانى تەقەكار:

١- نيشانەى پێكانى دروست و گونجاو لەسەر تۆڕى دوربينەكە ديارى دەكات لەگەڵ دورى ئەو ئامانجە.

٢- دورهاوێژەكەى ڕو تێدەكات و بەرزى و شوێنەكەى ديارى دەكات.

٣- فەرمان دەدات بە ئامادەكردن و تەقەكردنى.

### ئەركەكانى پڕكارەوە:

١- گيرەى ئەمانەكە لادەبات و بە دەستى چەپى قەباغەكە لادەبات.

٢- ڕومانەكە لە هەڵگرى ڕومانەكە وەردەگرێت و دەبێت نوكى ڕومانەكە بە ئاراستەى هەڵگرى تەقەمەنى بێت.

٣- دەرزى پاراستن دەردەهێنيت و بە دەستى ڕاستت داپۆشەرى ئەمنەكە لادەبيت و دڵنيادەيبتەوە لە پاكى ڕومانەكە.

٤- بە ئاسپايى ڕومانەكە دەخەيتە كۆتايى حوجرەكەوە و بە دەستى چەپت پاڵى پێوە دەنێيت بۆ ناوەوە.

٥- دڵنيابەرەوە لەوەى كە دوگمەى داخەرەوەت بەباشى گرتووە و گيرەى ئەمانەكە لەسەر رومانەكەيە.

٦- عەتەلەى ئەمانەكە دەگەڕێنينەوە بۆ دواوە بەئاراستەى خوارەوە تا تێكەڵ بە زەناد دەبێت.

٧- عەتەلەى ئەمان دەخەنەى سەر ئەمنەكە و سەيرى دواوەى دەكەين بۆ ئەوەى دڵنيابيتەوە لەوەى هيچ شتێكى لێ نييە بسوتێت.

**ئەرکەکانی هەڵگری تەقەمەنی:**

١- رومانەکە کەپس دەکات (رومانەکەکە بە حەشوەکەوە دەبەستێتەوە).

٢- رومانە کەپس کراوەکە دەداتە پڕکرەەوە و ئەڵقەی ئەمانەکە دەردەهێنێت.

**ڕومانە دابەش دەبێت بۆ:**

١- بەشی بەدەن.

٢- جوڵێنەری ساروخی.

٣- حەشۆی پاڵنەر.

٤- پارێزەری پێکدادان.

## وێنەی تەقەکردن



## گولەی چەکەکە



## وەستان و چارەسەرى خێرا

| وەستانەكان | هۆكارەكانى | چارەسەركردنى |
|---|---|---|
| ١- چروك و تەقەنەكردن (نەسوتانى حەشۆى پاڵنەر) | أ- نەگەشتنى دەرزى بە بازنەى گەيەنەر.<br>ب- داخەر بەتەواوى دانەخراوە.<br>ج- پيس بونى گەيەنەر يان نەگونجاوى بۆ بەكارهێنان.<br>ت- لەكاركەوتنى تەقەكەر | ١- بۆ ماوەى يەك خولەك بوەستە دەرزى بخەرە شوێنى خۆى و ڕومانەكە رابكێشە بۆ دواوە و بە نيو تيرەى بازنەيەك بى سوڕێنەوە بۆ لاى ڕاست و قەباغەكەى دابخە.<br>٢- لەكاتى تەقەنەكردنى تەواوى بۆ جارى دووەم |
| ٢- بەگرانى ڕۆشتنە ناوەوەى ڕومانە لەناو سەبەتانەكە | أ- پيسبونى ناوى سەبەتانەكە يان لەسەر ڕومانەكە<br>ب- بونى كلس لەسەر ڕومانەكە. | ١- ديوى بەشى دواوەى ناوەوەى حوجرە و سەبەتانە پاك بكەرەوە.<br>٢- پاڵنەر و ڕێڕەوەكەى پاك بكەرەوە. |
| ٤- قورسى جوڵەى داخەر لەكاتى داخستندا | أ- پيسبونى ڕێڕەوى ڕۆشتنە ناوەوە بەستنى غەلاق نەهێشتنى سوڕانەوەى قەزيبى داخەر | ١- مخلاق هەڵوەشێنەوە و ڕێڕەوى ڕۆشتنە ناوەوە پاك بكەرەوە. |

## وەرزی هەشتەم

## موشەك هاوێژ (RPG 7)

## وێنەی هاوێژەرەكە



**تیۆریای گشتی:**

موشەكی بێ كاردانەوە و لەسەر شانی ڕاست هەڵدەگیرێت و دژی زرێپۆش و تانكی وەستاو و جوڵاوە. بۆ دژی هێڵی بەرگی و سەنگەرسازی دوژمن بەكاردێت. زۆربەی جار بە ئاڕبیجی ناسراوە، كوتركراوەی ناوی (Rocket Propelled Grenade).

یەكەم نمونەی لە جەنگی جیهانی دووەم ساڵی (١٩٥٢) دەركەوت پێی دەوترا (RPG2) ئەوكات زۆر كاریگەربوو بەڵام كەم و كورتی و نەنگی سەرەكی بەرەو سەرەوە ئاراستەی بەرز دەبویەوە و (١٠٠) مەتر دەڕۆشت.

سۆڤیەت هەستا بە دروستکردنی جۆرێکی پێشکەوتوتری ناوی نا (RPG-7) و ساڵی (١٩٥٩) خستیە بواری خزمەتکردنەوە، ئەم چەکە بەهۆی کاریگەری گەورە و ئاسانی بەردەست بونی لەلایەن دەستەی جەنگی پیادە بەکاردێت.

## دوو جۆر گولەی تایبەتی بە (RPG 7) هەیە

١- گولەی دژی تانك و زرێپۆش.

٢- گولەی دژی مرۆڤ و کەسەکان.

ئەم چەکە گڕی زۆر هەیە و بەڕونی دیارە پێویستە لە شوێنی تایبەتی هاوێژەری (RPG 7) بەشیوەیەکی باش و بتەقێنیت و هیچ کەس لە پشتی چەکەکەوە بەدوری (٣م) نەبێت. رومانەی تەقێنراو حەشوی ناوکرۆلی تیایە توانای هەیە کە هۆی غازە هەڵچوەکەی هەر درعێك ببڕێت کە دێتە بەردەمی. زۆر گەرم و پەستانی زۆر گەورە دروست دەکات. دوو جۆر جانتای هەیە کە یەکەمیان (٣) ڕومانە دەگرێت و دووەمیان دوو ڕومانە. هێشتا ئەم چەکە یەکێکە لەو چەکانەی کە کاریگەری هەیە و بەخێرایی لە جیهاندا بڵاو بویەوە... ئەم چەکە لەلایەن سەرجەم چەکەکان بەکاردێت.. ئەم چەکە لە پانتاییەکی زۆری جیهان بەکاری دەهێنن. زۆربەی ئۆپەراسیۆن و پرۆسە سەربازییەکان پەنای بۆ دەبەن، بەتایبەت هێزە عەرەبییەکان.

**تایبەت مەندییە هونەرییەکانی:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | تیرەی هاوێژەرەکە | ٤٠ ملم |
| ٢- | تیرەی گولەکەی | ٨٥ملم |
| ٣- | درێژی هاوێژەرەکە | ٩٥٠ملم |
| ٤- | درێژی رومانە لەگەڵ حەشۆی پاڵنەر | ٩٢٥ملم |
| ٥- | درێژی رومانە بەبێ حەشۆ | ٦٤٠ملم |
| ٦- | کێشی هاوێژەر بەبێ ئاراستەکەر | ٦.٢ کگم |
| ٧- | کێشی هاوێژەی بەبێ ئاراستەکەر | ٥.٦کگم |
| ٨- | کێشی ڕومانە لەگەڵ بزوێنەری موشەکی | ٢.٢کگم |
| ٩- | کێشی رمانە بەبێ بزوێنەر | ١.٨کگم |
| ١٠- | کێشی کۆلچە پشت لەگەڵ سێ رومانە | ٩.٣کگم |
| ١١- | کێشی کۆڕە پشت بە دوو ڕمانەو کەرەستەی یەدەك | ٧.١کگم |

## تايبەت مەندييە تەعبەوييەكان:

١- خێرايى سەرەتاى دەرچونى ١٢٠م/چركە

٢- بەرزترين خێراى رمانە ٣٠٠م/چر

٣- دروترين دروى گەشتن ٥٠٠م

٤- خێراى تەقەكردن (٤-٦) رمانە/ خولەكێك.

٥- باشترين دورى كاريگەرى بۆ پێكان (٣٣٠م) و بەرزى (٢م).

٦- سەبەتانەى ناوەى مادەيەكە ناوى كرۆمە بۆ بەرەنگابونەوەى ژەنگ و گەرمى زۆر بەرز.

## تايبەت مەندييە هونەرييەكانى چەكەكە:

١- تواناى وێرانكردن و لەناوبردنى سەرجەم جۆرەكانى ئۆتۆمبيل و زرێپۆش و هەندێك تانكى هەيە.

٢- دەستەى چەكەكە لە دوو كەس پێك دێت:

أ- هەڵگرى قازيفە.

ب- چەك بەدەستێك.

٣- كێشى سوكە و قەبارەى بچوكە.

٤- بەهێز دروستكراوە و بە كەمى لە كار دەكەوێت.

٥- بەئاسانى بەكاردێت و فێرى دەبيت.

٦- وردە لە پێكاندا، بەتايبەت لەكاتى بەكارهێنانى ئاراستەكەرەكەى (الموجه):

**دوربین و ئاراستەکەر (الموجه):**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | توانای گەورەکردن | ٢.٧ |
| ٢- | بواری بینین | ١٣پلە |
| ٣- | تیرەی دەرەچەی دوربین | ٤.٥ ملم |
| ٤- | هێزی ڕونکردنەوە | ٢٨ دروترین ئاست |
| ٥- | بەهای پلەبەندی پێوەری دوری | ١٠٠م |
| ٦- | بەهای پلەبەندی لە لادانی لاکان | ١٠ملم |
| ٧- | سنوری لادانی تەنیشتی | +- ٥٠ملم |
| ٨- | کێشی ئاراستەکارەکە | ٤٢٠گرام |
| ٩- | درێژی ١٧.٣ سم | پانی ١٤.٩ سم |
| ١٠- | هێزری پاتری | ١.٥ڤۆڵت |

**سودەکانی ئاراستەکەر:**

١- هاوێژەرەکە ئاراستە دەکات بۆ ئەو لایەنەی دەتەوێت بۆ پێکانی ئامانجەکەت.

٢- گریمانەی دوری ئامانجەکە بەبەرزی (٢.٧م).

٣- هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی بەشەو تەقە بکەیت.

**بەشەکانی ئاراستەکار و سودەکانی:**

١- بەدەن: سەرجەم بەشەکانی ئاراستەکار دەگرێتەوە.

٢- گیرە و سکەی گیرە: بەکاردێت بۆ جێگیرکردنی ئاراستەکار لەسەر هاوێژەرەکە.

٣- لاستکی چاو پارێز.

٤- بازنەی دەوری چاو پارێزی لاستیکی.

٥- ئامێری ڕوناککەرەوەی تۆڕەکە و پێك دێت لە

أ- دوگمەی کاکردن.

ب- فتوی خانەی کارەبایی.

ت- جانتا و بەرگی خانەی کارەبایی.

پ- خانەی کارەبایی.

ج- سکەی گەیاندنی کارەبایی.

ح- گڵۆپ.

٦- چاو پارێز و عەدەسەی شتەکان.

٧- ئامێری ڕێکخستنی ئاراستەکار: بۆ ڕێکخستنی بەرزی.

## وێنەی ڕونکاری ئاراستەکار






## وەرزی نۆیەم

## ئاگری ون (هاوەنی) تیرە ٦٠ ملم

**تیۆری گشتی:**

جەنگە هاوچەرخەکان بەوە جیا دەکرێنەوە کە بەقوڵی دەڕۆنە ناو جەنگەکانەوە، فەرماندە پێویستی بە ئاگری ناڕاستەوخۆیە. هاوەنیش سەرچاوەیەکی تاك و ناوازەیە بۆ ئەم ئاگرە، لە هەموو پلان و پێویستی جەنگی بەکاردێت. مێژویش ئەوەی سەلماندوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە، چونکە ئاگرەکەی خێرایە و ڕێڕەوی بەرزی هەیە، کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە لەناو سەنگەردان و لە پشتی بەربەست و پەناگە خۆیان حەشارداوە و ئاگری ڕاستەوخۆ کاریان تێ ناکات.

هاوەن ئاگری ناڕاستەوخۆ بۆ فەرماندەی دەستەبەر دەکات و، توانای هەیە بڕواتە ناو پێگە و بارەگاکانی دوژمن لە هەر شوێنێك بێت. زرێپۆش و ئۆتۆمبیلە گولە نەبڕەکان لەناو ئۆتۆمبیلەکانیاندا هاوەنی تایبەتی هەیە، هەندێك هێزی دیکە هاوەن بەدوای ئۆتۆمبیلەکانیان ڕادەکێشن، لە سوپا هاوچەرخەکاندا سوپای هاوەن دروستکراوە، بۆ بەهاناچون و بەدەمەوە هاتنی خێرای هێزە چەکدارەکان.

دورهاوێژی هاوەن دەکرێت بە سێ بەشەوە چەکی سوك چەکی ناوەندی چەکی قورس. هاوەنی سوك ئەو هاوەنانەن کە هێزە تایبەت و هێزی پەڕەشوتەوانەکان بۆ هێرشی نزیك و خێرا بەکاری دەهێنن، هاوەنی ناوەندی ئەو هاوەنانەن کە لە نێوان سوك و قورسدایە لە هاوەنی سوك بەهێزترە، چەند کەس دەتوانن بیگوازنەوە. بەڵام هاوەنی قورس ئەو هاوەنانەن کەپێویستی بە گوێزەرەوەی هەیە بەهۆی عەرەبانەی تایبەت یان تایەی لە ژێردایە بەدوای ئۆتۆمبیلدا ڕادەکێشرێت.

**هاوەن (ئاگری ون) بریتییە لە پارچەیەك دورهاوێژی بچوك توانای هێرشی ستونی هەیە و چەکێکی ئاگرپرژێنی ناڕاستەوخۆیە، واتە راستەوخۆ نییە وەك چەکەکانی دیکە، زۆر سادەیە و ئاڵۆزی کەمی تیایە. بە چەند تیرەی و ئاستێکی بونی هەیە (٦٠ملم، ٨١ملم، ١٢٠ملم) چەند تیرەیەکی دیکەی هەیە.**

**ئاگری ون (stokes) یەکەم جار سوپای ئینگلیزی ساڵی (١٩١٧) بەکاریان هێنا. ئەم چەکە گۆڕانکاری و چاکسازی زۆری تیاکرا تا تا لەکۆتایدا بە هاوکاری زانای فەرەنسی (ئیدغال برانتد) لە سێیەی یەکەمدا گۆڕانی تیا بەکارهێنا. براندت گەشەی زۆری بە هاوەنی تیرەە (٨١)دا تا تیرەی (١٥٥) برد، ئەم گۆڕانکاریە بەردەوام بوو ناونرا بە (هاوەنی ستوکسی – راندت) کە بنچینە و سەرچاوە و چاوگی هەموو ئاگر هاوێژە هاوچەرخەکانە.**

**چەکێکە سەبەتانەیەکی ساڤ هەیە لەلایەن فەسیلی پیادە لەسەرجەم پەڕەکانی جەنگ بەکاردێت.**

**<u>چەن جۆرێك تەقەمەنی هەیە:</u>**

١- **ئاگادارکردنەوە.**
٢- **دوکەڵی.**
٣- **ڕوناککەرەوە.**
٤- **مەشقی.**

**<u>دەستەی هاوەن پێك دێت لە:</u>**

١- **فەرماندەی دەستە.**
٢- **تەقەکار (سەربازی یەکەم).**
٣- **یاریدەدەری تەقەکار (سەربازی دووەم).**

## وێنەی هاوەن





**تایبەت مەندییەکانی ئاگری ون (هاوەن):**

١- **تایبەت مەندی هێزە ئاگرین**

أ- خێرایی تەقەکردنی زۆر بەرزە: ئاگری ون توانای هەیە (٣٠ – ٣٥) گولە لە خولەکێکدا بتەقێنێت، تەقەکردنی بەم شێوەیەی:

یەکەم. هاویشتنی ئاسایی (٢ گولە/ یەك خولەك)

دووەم. هاویشتنی خێرا (٥ گولە/ لە خولەکێکدا).

ب- نەرمی مامەڵە: هاوەن توانای هەیە کە لە سەر کەوانێکی بەرفراوان و دور مەودا بەهۆی ئاسانی بەرزی و نزمی و پێدانی حەشۆی زۆر ئاراستەکەی بگۆڕیت. بە ئاسانیش بە لای چە و راستدا بەهۆی بەکرەی ئاراستەکردن و بنکەکەی بجوڵێنرێت.

**بەهۆی حەشۆکانی و بەگوێرەی تەقەی حەشۆکانی بەم شێوەیە درووییەکانی دیاری دەکرێت**

١- حەشۆی سفر (١٠٠ – ٤٠٠م)

٢- حەشۆی ژمارە ١ (١٥٠ – ٧٥٠م)

٣- حەشۆی ژمارە ٢ ( ٢٠٠ – ١١٠٠ م)

٤- حەشۆی ژمارە ٣ ( ٢٥٠ – ١٤٠٠م)

ج- پارچەکانی: گولەی ئاگادارکردنەوە پارچەی زۆری لێدەبێتەوە تا نزیکەی (١٥٠م) بەهەرچوار لادا بڵاو دەبێتەوە.

ح- بەهۆی پلانی پێشوەخت توانای هەیە کە بەشەو بیهاوێژیت.

خ- بەهۆی نەبونی ئاراستەکار توانای نییە کە دورو نزیکی پێ دیاری بکرێت و تەسفیر بکرێت بەوەی کە ڕێکی بکەیت.

د- زەوی بەرکەوتە: ئەو زەوییە کە بۆمبەکانی لێ دەکەوێتە خوارەوە بەپێی حەشوەکەی یەك بەرزی و یەك دوری هەیە. لەم کاتەدا چەند هۆیەکی هەیە:

یەکەم. چۆنێنی و چەندێتی باروت لە حەشوەکەدا.

دووەم. کاریگەری کەش و هەوا.

ر- ماوەی فڕین: بەپێی پلەی حەشۆکەی قومبەلەکە لە ئاسماندا دەفڕێت.

یەکەم. حەشۆی سفر (بۆ ماوەی ١٤ چرکە دەفڕێت). (١٠٠ – ٤٠٠م)

دووەم. حەشۆی ژمارە ١ (١٦ چرکە) (١٥٠ – ٧٥٠م)

حەشۆی ژمارە ٢ (١٩ چرکە) (٢٠٠ – ١١٠٠م)

چوارەم. حەشۆی ژمارە ٣ ( ٢١ چرکە) (٢٥٠ – ١٤٠٠م)

٢- **<u>تایبەت مەندییە تەعبەوییەکانی:</u>**

أ- بزوێنەری بەرز: بۆ تەقاندنی دورترین مەودا سەبەتانەی بەشێوەی (٨٥)پلە لە زەوی دەگرین ئاراستەکردنەکە دەکەین (٤.١٧) نزیکترین نێوەندیش بریتیە لە وەی سەبەتانە پلەی (٤٥) بگریت و ئاراستەکارەکە بکەینە (٠٠١٠).

بەرزترین بزوێنەر بەم شێوەیە:

یەکەم. تەقەکردن لە پشتی بەربەست.

دووەم. تەقەکردن لە ئامانجی پشتی بەرەبەست و سەنگەر.

سێیەم. پێشکەشکردنی پشتگیری ئاگری بۆ دەستەی پیادە.

ب- ئاسانی جوڵە: بەهۆی سوکی کێشی هاوەن و کەرەستەکانی توانای جوڵانی ئاسانە.

ت- لاوازییەکانی: بەهۆی بونی پرش و گڕ لەکاتی تەقاندندا دوژمن بە ئاسانی دەتوانێت بیبینێت، بۆیە ئەم هەنگاوانە بگرەبەر:

یەکەم. هەڵبژاردنی شوێنێکی گونجاو و شاردنەوەی شوێنەکەی بەباشی.

دووەم. بونی شوێنی جێگرەوەی شوێنە سەرەکییەکەی بەخێرایی.

**سێیەم: <u>تایبەت مەندییە هونەریەکانی:</u>**

١- خێرایی سەرەتایی ٣٤م/چرکە

٢- کێشی هاوەن ١٢.٥ کگم

٣- کێشی سەبەتانە ٤.٥ کگم

٤- کێشی قاچەکانی ٤.٦کگم

٥- کێشی سینی بنکەکەی ٣.٤کگم

٦- کێشی گولەکەی ١.٣٣کگم

٧- کێشی حەشوە ٥ککگم

٨- دورترین گەشتن ١٤١٠کگم

٩- درێژی سەبەتانە لەگەڵ داخەرەکەی ٧٢٥ملم

١٠- درێژی سەبەتانە بەبێ داخەر ٤٥١ملم

**<u>بەشە سەرەکییەکانی هاوەن:</u>**

١- **<u>سینی بنکەکەی:</u>**

پێکدێت لە

أ- دوگمەی بەستنەوەی ئوکرە.

ب- حەق

ت- قاچی سینی بنکەکە.

پ- غەواس.

٢- **<u>سەبەتانە:</u>**

پێك دێت لە

أ- هێڵی ئاراستەکردن. ب- دەستکی هەڵگرتن

ج- داخەر. د- دەرزی.

پ- ئوکرە. ر. کلیلی داخەر.

٣- قاچەکانی:

أ- غەوارس.

ب- گیرەی قاچەکان.

ت- سەمونەی ڕێککردن.

پ- گیرەی خاوکردنەوە.

ج- پشتوێنی قایشی.

ح- لەولەبی بەرزکردنەوە.

خ- نیر.

د- راخەر.

ژ- سکەی ئاراستەکردن.

ر- گیرەی جێگیرکردن.

ز- لەولەبی ئاراستەکردن

س- گیرەی جێگیکردنی صدمە.

**وێنەی هاوەن**




**وێنەی قاچی هاوەن**



## ئامازە و هێماکانی گولەی هاوەنی تیرە ٦٠ملم

### ئەو ڕێگایانەی کە نیشانەکانی بۆ بەکاردەهێنرێت:

١- نیشانەکردن بە بۆیە:

(لاشەی گولەکە، نوکی گولەکە، بەرگری گولەکە، سندوقەکە)

٢- نیشانە کرن بە هەڵکۆڵین یان داکوتین:

(لەشی گولەکە، کەبسولی کۆتایی و پەروانەی گولەکە)

### نیشانەکردنی لاشەی گولەکە:

١- دێڕی یەکەم (60m 96 HE) واتە ئاگادارکردنەوەی تیرە ٦٠ملم نیشانەی ٦٩.

٢- دێڕی دووەم (TNT) مەبەشت لە حەشوە و تەقەمەنییەکەیە.

٣- دێڕی سێیەم (lot 01 /74) مەبەست ژمارەی جیل و ساڵی دروستکردنی.

٤- دێڕی چوارەم (kv) مەبەست ناوی کارگەکەیە.

### نیشانکردنی کەبسول/ بەهەڵکۆڵین نیشان کراوە:

١- دێڕی یەکەم (UT/M68) نمونەی کەبسول و نیشانەی ٦٩.

٢- دێڕی دووەم (KV) ناوی کارگە (01) ژمارەی جیل (٧٤) ساڵی دروستکردن.

### نیشان کردن جەستەی کەبسول بە بۆیە:

١- دێڕی یەکەم (IGNIT) سەرەتاکەی (CH) حەشوە (M57) نیشانە.

٢- دێڕی دووەم (lot 01/74) ژمارەی جیل و ساڵی دروستکردن.

٣- دێڕی سێیەم (NGB/051)

**سێ جۆر گولە هەیە**

١- هۆشداری HI> TNT

٢- ڕوناکی Illoumntion: Ill

٣- دوکەڵ smok

## پاككردنەوەى ئاگر ونى (هاوەن)ى ٦٠ ملم

**پڕۆسەى پاككردنەوەى هاوەن بەم شێوەيە دەبێت:**

١- لەكاتى وەرگرتنى هاوەنەكە.

٢- دواى تەقە پێكردنى.

٣- لەكاتى جەنگ و مەشقى زۆر لە ماوەى پشودان.

٤- دواى مەشقى دەرەكى بەبێ تەقە كرنيش هەر دەبێت كە گەڕايەتەوە بۆ سەربازگە پاكى بكەيتەوە.

٥- پاككردنەوەى حەفتانە.

**كەرەستە بەكارهاتوەكان بۆ پاككردنەوە و چەوركردنى هاوەن**

١- بەكارهێنانى زەيتى چەك بۆ سەبەتانە و بەشە جوڵاوەكانى.

٢- چەوركردنى ناوەوەى حوقە.

٣- تێكەڵكردنى ئاو و بەزنين بە ڕێژەى ٥٠٪ يان ئاوى گەرم و سابوون.

٤- گيراوەى كاراين كە پێك دێت لە

أ- ليترێك ئاو.

ب- ٢٠٠ گرام كاربونات سوديوم.

ت- ٣٠-٥٠ گرام دايكرومات البوتاسيوم.

پ- پارچەيەك پەڕۆ بۆ پاككردنەوەى هاوەنەكە.

تێبينى/ ئەتوانيت بۆ ماوەى يەك حەفتە (كاراين) بپارێزيت بۆ ئەوەى (قنانى محكمە)ى پێ بشۆيت بەهۆى ئيسفنجەوە بەڵام بۆ دواى ئەو ماوە نابێت بەكارى بهێنيت.

**جانتای تایبەتی پێویستییە یەدەکەکان پێك دیت لە:**

١- شیشی پاککردنەوە.

٢- فتوی زەیت.

٣- فتوی گریس.

٤- دەڕنەفیز.

٥- ئاراستەکەر.

٦- پاکەتی ئاراستەکەر.

٧- جانتای کەرەستەی یەدەك.

٨- دەرزی هاوەن.

٩- پاککرەوەی ئاراستەکرە.

١٠- فلّچەی پاککەرەوەی دەرزی.

## وەرزی دەیەم

## ڕومانەی دەستی




**تیۆری گشت:**

ڕومانەی دەستی بۆمبێکی هەڵدراوی دەستییە. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی چەك و تەقەمەنی ئەویش پێشکەوتنی بەسەر هاتوە و، هەندێك جار بە چەکی تایبەت دەتەقێنرێت، بەتایبەت ئەو چەکانەی کە سەبەتانەی پێشەوەی هەیە بۆ تەقاندنی رومانە، تیرەکەی ۲۰ بۆ ٤۰ملمە، یەکەم جار ساڵی (١٩٤٢ز) وشەی (Grenade) لە جەنگی ناوخۆیی ئینگلترا دەرکەوت. چونکە لەسەر شێوەی هەنار بوو واتە ئەو تۆپە بچوکە ئاسنیەی کە تەقەمەنی تیایە، سەرەتا ئینگلیزەکان ڕومانەیان لەسەر شێوەی تۆپێکی پۆلایی دروستکر کە لەکاتی تەقینەوەدا پارچە پارچە دەبێت، دواتر ئەڵمانەکان لەسەر شێوەی ئەناناس ڕومانەیان دروستکرد.

بە هۆی هاتنە پێشەوەی جەنگی دووەمی جیهانی ئەم تەقەمەنیەش پێشکەوتنی بەخۆیەوەبینی.

**بەشێوەی گشتی ڕومانە لە سێ بەشی هەیە:**

لەش و باروت و تەقەمەنی. لەش پارچەیەکی ناوەکەی بۆشە و باروتی تیایە، زۆربەی جار پارچەدارە. جەستەکە لە پۆڵادروستکراوە زۆربەی جار لەشەکە لە مادەی پلاستیکی دروستکراوە. زۆربەی جار لەشە پلاستیکی و ئەلەمنیۆمەکە دەبنە پارچەی بچوك ، بەڵام ئەو بەشەی کە لە پۆڵادروستکراوە کەمتر کاریگەری هەیە لەسەر بەرامبەر، بەڵام ئەوەی کە پلاستیکی و فافۆنە هەم دورتر دەڕوات و لە هەمان کاتیشدا برینداربونیش بەپارچەکانی درەنگ چارەدەکرێت.

بەهۆی فرەجۆری باروتی ناو رومانەکە جۆری کاریگەری ڕومانەکە دەگۆڕێت، ئەو مادانەی لە جۆری (TNT) یان (RDX) بۆ ڕودانی پارچەپارچە بون و کاریگەری دروستکردنە. بەڵام ئەوانەی (TNT)یان تیا نییە کیمیاوی و فرمێسك ڕژن (CS) یاخوت سوتێنەر (WP) دوکەڵین. کۆمەڵە تەقەمەنییەك بەهۆی بونی ئەو باروتەی کەی تیایەتی کە بەوزەی کارەبایی میکانیکی یان کیمیاوی کار دەکات دەتەقێتەوە. بەماوەیەکی کەم حەشوەکە دەگاتە تەقینەوەکە یان ئاگر دەگرێت و دواتر تەقەمەنی ناو رومانەکە دەتەقێتەوە. بەماوەیەکی دیاریکراو کە لە (٣-٤)چرکە یان (٣-٥) یاخود (٨-٨) چرکە دیاریکراوە دەتەقێتەوە پێویستە بە ماوەیەکی کاتی کەم دوای دەرهێنانی گیرەی تەقینەوەکەی بیگریت پاشان فڕەی بدەیت بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێت هەڵی بگرێت و دواتر فڕەی بداتەوە بۆ خۆت. ئەو شوێنەی بۆی هەڵدەدەیت نابێت لە (٤٠) مەتر دورتربێت، ڕومانە بازنەیەکی دیاریکراوی هەیە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەو شوێنە دروست بکات، هەرکەس لەو ناوچەدابێت ئەگەری برینداربونی هەیە.

## لە ڕوی جەنگییەوە دوو جۆر ڕومانە هەیە ئەوانیش

١- **ڕمانەی هێرش بردن:**

**تایبەت مەندییەکانی:**

أ- ماوەی تەقینەوەی دوای (٨-٣) چرکەیە.

ب- کێشەکەی (٤٠٠)گم.

ت- پارچەکانی (٢٥م) بەهەرچوار دەوریدا

پ- سافە

ج- لەکاتی پەلاماردا بەکاردێت

٢- **رومانەی بەرگری:**

**تایبەت مەندییەکانی:**

أ- کاتی تەقینەوەی دوای (٥) چرکەی

ب- کێشی (٦٠٠)گرام

ت- پارچەکانی بەدوری (٥٠) م دەوروبەر.

پ- پارچەپارچەیە و (٣٦) چوارگۆشەیە لەسەر.

ج- لە پشتی بەربەستەوە بەکاردێت.

## وەرزی پانزەیەم

## چەکی (M16)

## وێنەی چەکەکە



### تیۆریای گشتی:

یوجینی ستونر ساڵی (١٩٥٥ز) هەستا بە دروستکردنی (Armalite Rifle) کە لە چەکی (Ag m/42) ئێم (١) وەیگراوە. تیرەی چەکەکە (7.62× 51)ملم دوای جەنگی دووەمی جیهانی هێزە وشکانییەکانی ئەمەریکا چەکی (m16)یان بەم تیرەی پێوەوە بەکار هێنان، ساڵی (١٠٥٦) تیرەکەی گۆڕا بۆ (5.56×45) ئەتوانی ئەم جۆرە چەکە بە ئۆتۆماتیکی و نیو ئۆتۆماتیکی بەکاربهێنیت، قەبارەی مەخزەنەکە (٢٠)فیشەك یان زیاتر دەگرێت و کێشی چەکەکە لە (٢.٧٢)کگم تێناپەڕێت. گولەکەی توانای بڕینی خوزە عەسکەری لە دوری (٥٠٠)م هەیە. یوجین ستونز هەستا بە چاکسازی و گۆڕانکاری تیایدا و ناوی دا (AR-10) هەستا بە گۆڕینی تیرەکەی لە (45× 5.56) ناوی نا (AR-15)  دواتر ساڵی (١٩٦١) لە جەنگی ڤێتنامدا بەشێوەی ئەزمونی بەکارهێنرا. ساڵ ی(١٩٦٣) (١٠٤٠٠٠) لەم جۆرە چەکەی دەستکەوت، ناوی سەربازییەکەی (M16A1). دواتر لە ساڵی (١٩٦٦) لە (M14) ناوەکەی گۆڕی بۆ (XM16A1) تەنها ناوی چەکەکەی گۆڕی.. لە ساڵی (١٩٨٠) ناوی نا (M16A1) هەروەها دوای چەند گۆڕانکارییەك ساڵی (١٩٨٢) ناوی نا (M16A2) دواتر ساڵی (١٩٨٩) لە جەنگی پەنەما بەکارهێنرا و

دوربينى نيشان شكێنى خستە سەر چەكەكە، ئەتوانى بۆمبى وەشێنەرى تيرە (٤٠)ملم بتەقێنێت و پێى دەوترێت (M203).

**شێوەى كاركردن:**

چەكەكە بەهێزى غاز و سپرينى گەڕانەوە كار دەكات و تا حوجرە دانەخەيت و يەك دەرى ترباس نەخوات بۆ لاى چەپ كارناكات.

**تايبەت مەنديە هونەرييەكانى:**

**تيرەى ٥.٥٦ ملم ناتو**

**كێشەكانى:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | كێشى چەكەكە بەبێ مخزن | ٤.١٢٠گرام |
| ٢- | كێشى چەك لەگەڵ مخزنى ٢٠ فيشەكى | ٤.٤٤٠گرام |
| ٣- | كێشى چەكەكە لەگەڵ مخزنى ٣٠ فيشەكى | ٤.٥٨٠گرام |
| ٤- | كێشى حەربەى چەكەكە بەبێ كيف | ٦٨٠گرام |
| ٥- | كێشى بەرگى كيفەكە | ١٣٥گرام |
| ٦- | كێشى قايشى هەڵگرى | ١٨٠گرام |

**دریژییەكانی:**

١- درێژی چەكەكە بە حەربەوە ١١٤سم

٢- درێژی چەك بەبێ حەربە ١م و ٦٦ملم

**تیابەت مەندییە تەعبەوییەكانی:**

١- خێرایی سەرەتایی فیشەك ٩٤٤.٨٨م/چرك

٢- خێرایی تەقەكردنی تیۆری ٨٠٠ فیشەك/ خولەكێك

٣- دروترین بواری گەشتن ٣٦٠٠م

٤- دورترین بواری كاریگەر لەسەر ئامانجی خاڵ ٥٥٠م

٥- دروترین جێگەی كاریگەر لەسەر ئامانجی پان ٦٠٠م

**ئامادەكارییە پاراستنەكان:**

١- ڕاستەوخۆ و لەسەرەتای دەست پێكردنی وانەی پراكتیكی.

٢- لەكاتی وەرگرتنی و ڕادەست كردنی لە جبەخانە.

٣- لەكاتی وەرگرتنی چەكەكە لەكەسێكی دیكە.

٤- لەكاتی ڕۆشتنە ناو بنكەی سەربازی.

## لەکار کەوتن و چارەسەری خێرا:[1]

| جۆری وەستان | هۆکاری وەستان | چارەسەر |
|---|---|---|
| چەکەکە پڕنابێت و تەفەکردن ڕونادات یان کاتێك میل ڕادەکێشیت بۆ دواوە فیشەك نایەتە ناو حوجرە | ١- تێکچونی کلابی مەخزن و خاوبونەوە.<br>٢- لاربونی مخزن ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەیەڵێت سپرینی مخزن پاڵ بەفیشەکەوە بنێت بۆ سەرەوە.<br>٣- شل بونی سپرینی مخزن.<br>٤- شکانی دەکەی مخزن.<br>٥- پیس بونی مخزن | ١- میل ڕاکێشەوە و بەردەوامبە لە تەقەکردن.<br>٢- ئەگەر تەقەی نەکرد مخزن بگۆڕە و بەردەوامە لە تەقەکردن.<br>٣- ئەگەر زانیت هۆکارەکەی کێشەی کیلابی مخزنە ئەوە چەکەکەت بنێرە بۆ کارخانە و وەشرە |
| پێکدادانی فیەشکەکە بە کۆتایی حوجرە و ئەفسام ناڕواتە پێشەوە | ١- گیربونی هەردوو شانی مخزن<br>٢- گیربونی دەکەی خزمن | ١- مخزن دەر بهێنە و میل ڕاکێشە بۆ ئەوەی ئەو فیشەکەی لەناویدا گیربووە بێتە دەرەوە.<br>٢- پشکنینی هەردوو شانە و دەکەی مەخزەن، ئەگەر ئەوان کێشەیان نەبوو دوبارە مەزەنەکزە دەخەینە سەری و دەست دەکەین بە تەقەکردن |
| چروککردن واتە چەکەك تەقە نەکات | ١- کبسول چوەتە ناوەوە<br>٢- نەگەشتنی دەرزی بە کەبسول.<br>٣- شل بونی سپرینی تارق<br>٤- تێکچونی فیشەککە | ١- دەرکردنی ئەو فیشەکە و دوبارە پڕیکردنەوەی چەکەکە و دەستکردنەوە بە تەقەکردن.<br>٢- ئەگەر چەکەکە تەقەی نەکرد پاکی دەکەیتەوە و دوبارە پشکنین بۆ سپرینی تارق و دەرزی دەکەیت |

[1] - بڕوانەناميلكەی چەكی (m4) و (m16) (تيرە45×5.56ملم) ملازمی يەك/ هەڵكەوت محمد رەزا.

| | | |
|---|---|---|
| گرانی گرتن و مانەوەی قەوانی بتاڵ لەناو حوجرە وەگیربونی لەنێو قەوانی بەتاڵ بو ترباسدا | ١- پیس بونی کۆمەڵەی ئەقسامی خوراوە.<br>٢- شکانی لەقاف و سپرینگکەی | ١- مەزهەن لێدەکەینەوە و ئەو قەوانە بەتالەی گیری خواردو لەناو حوجرە دەری دەکەین بە هۆی شیشی پاککردنەوە دەری دەکەین.<br>٢- ناو حوجرە پاك بکەرەوە و چەوری بکە.<br>٣- ئەگەر چەکەکە تەقەی نەکرد سپرین و لەقاف بپشکنە ئەگەر تەقەی نەکرد بینێرە بۆ وەرشە |
| گرانی فرێدان و مانەوەی قەوانی بەتاڵ لەناو حوجرەدا فرێنەدانی قەوانی بەتاڵ | ١- پیس بونی ئەقسامی جولاو<br>٢- پیسبونی لولەی بۆری غاز<br>٣- شکان و تێکچونی لەقاف سپرینەکەی ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی کە قەوانە بەتاڵەکە پێش ئەو بگاتە قەزاف.<br>٤- تێکچونی قەزاف. | ١- دەرکردنی قەوانەکە و بەردەوام بون لە تەقەکردن.<br>٢- ئەگەر ئەو وەستانە دوبارە بویەوە هەڵدەستیت بە پاککردنەوەی لولەی بۆری غاز.<br>٣- ئەگەر ئەو وەستانە دوبارە بویەوە هەڵدەستین بە پشکنینی قەزاف و چارەسەرکردنی ئەگەر دووبارە بویەوە ئەوە دەینێرین بۆ وەرشە |

## وەزی دوانزەیەم

## چەکی (M4)

## وێنەی چەکەکە




**تیۆریای گشتی:**

چەکێکی ئەمەریکییە وەك چەکی سەرەکی سوپای ئەمەریکا ئەژمار دەکرێت و بەهۆی بچوکی و سوکی کێشەکەی و چەند تایبەت مەندییەکی دیکە بە یەکێك لە چەکە سەرکەوتوەکان دادەنرێت. هەروەها توانای تەقاندنی بۆمبی بچوکی هەیە، وردبینی تیایە بۆ ئەوەی بتوانیت بەشەو ببینیت وەك چەکی نیشان شکێنیت بەکاردێت و سەرجەم گولەکانی بڕەر و سوتێنەری بۆ بەکاردێت. ئەم چەکە وەك چەکی کاربین وایە کە سوپای ئیسرائیل و فەرەنسا بەکاری دەهێنین (M16) هەمان جۆری چەکی یوجین ستونە کە کاتی خۆی دروستیکرد و جیاوازە لە چەکە پێشوەکە و، ئەم توانای تەقاندتی ڕومانەی ئاگرینی هەیە.

**شێوازی کارکردن:**

چەکەکە بەهۆی هێزی غاز  سپرینی گەڕانەوە سوڕخواردنی ترباس بەلای چەپدا کاردەکات.

## تایبەت مەندییە هونەرییەکانی:

## تیرە 5.56 ناتو

### کێشەکانی:

| | | |
|---|---|---|
| ١- | کێشی چەکەکە بە بێ مەخزەن | ٢.٩٥٠ گرام |
| ٢- | کێشی چەك لەگەڵ مەخزەنی ٢٠ فیشەکی | ٣.٢٦٠ گرام |
| ٣- | کێشی چەك لەگەڵ مەخزەنی ٣٠ فیشەکی | ٣.٤٠٠ گرام |

### درێژییەکەی:

| | | |
|---|---|---|
| ١- | درێژی چەك و لاق داخراوەیی | ٧٥.٥٧ سم |
| ٢- | درێژی چەك بە کراوەیی لاق | ٨٢.٨٢ سم |

### تایبەت مەندییە ئامادەسازییەکەی (تعبوی):

| | | |
|---|---|---|
| ١- | خێرایی سەرەتای فیشەك | ٩٠٥.٢٦ م/چرکە |
| ٢- | خێرایی تەقەکردنی تیۆری | ٧٠٠ — ٩٠٠ |
| ٣- | دورترین گەشتنی | ٣٦٠٠ م |
| ٤- | دورتین کاریگەری لەسەر ئامانجی خاڵ | ٥٥٠ م |
| ٥- | دورترین کاریگەر لەسەر ئامانجی پان | ٦٠٠ م |

**بەشەکانی چەکی (M16) و (M4):**

١- گرپۆش
٢- گیرەی تەقەکردن و ئەمنکردن.
٣- بۆری غاز
٤- شعیرە
٥- گیرەی قایشی هەڵگر (حمالە)
٦- بەرگی پارێزگاری
٧- جێگای دەست.
٨- گیرەی جێگیکردنی مەخزەن.
٩- دەسك
١٠- قۆناغ.
١١- دەرزی و خماڵی دەرزی.
١٢- سپرینی گەڕانەوە.
١٣- دەرزی تەقەکرن.
١٤- گیرەی ئەمن کردنی تەقەکرن.
١٥- بەلە پیتکە
١٦- مەخزەن.
١٧- گیرەی میل.
١٨- میل.

**کردنەوە و بەستنەوەی چەکەکە**

**چەکەکە بەدوو جۆر دەکرێتەوە**

١- کردنەوەی درێژ: کە لەلایەن بەرادی چەکەوە دەکرێتەوە و دەکرێتە بەشی بچوکەوە.
٢- کردنەوەی گشتی: کە لەم کاتانەدا دەکرێتەوە.

أ- بۆ مەبەستی مەشق.

ب- دوای تەقەکردن و بە مەبەستی پاککردنەوە.

ت- بۆ پاککردنەوەی گشتی دوای مەشق و ڕاهێنان.

**وەستان و چارەسەری خێرا**

**وەستانەکان**: وەستان واتە لەکارکەوتنی چەکەکە لەکاتی تەقەکردندا.

**کارکردنی خێرا**: پێویستە تانەزانیت وەستانەکە بەهۆی چییەوە هیچ کارێك نەکەیت بۆ چارەسەرکردنی.

**س/ ڕێ و شوێنەکان چییە؟**

١- بەسوکی بدە لە کۆتایی مەخزەن بۆ ئەوەی دڵنیابیتەوە لەوەی لە شوێنی خۆیدایەتی.

٢- میلەکە ڕابکێشە بۆ دواوە و سەیرکە بزانە گولەکە دەردەچێت.

٣- سەیری گولەکە بکە بزانە لە دەرچەی قەزافەوە دەرچووە.

٤- میلەکە بەردە بۆ ئەوەی خۆی بگەڕێتەوە بۆ پێشەوە.

٥- بدە لە پشتی پارێزەری ترباسەکە.

٦- دەست بکەرەوە بە تەقەکردن.

**گرنگترین وەستانەکان**

١- پڕنەبونی چەکەکە.

٢- چروککردن.

٣- گرانی فڕەدان.

٤- گیربونی گرتن.

## وەرزى سيانزەيەم

## پرژێنەرى سوكى (M249)

## وێنەى چەك



پرژێنەرى سوكى (M249) چەكى تۆماتيكى سەرجەم هێزە وشكانييەكانى ئەمەريكايە، كێشى سوكە، بەهۆى پەستانى غازەوە تەقە دەكات، بەهۆى سندوق يان بەهۆى شريتەوە فيشەكى بۆ بەكاردێت، دواى ئەوەى لە پرژێنەرەكە دێتە دەرەوە لەبەر يەك هەڵدەوەشێتەوە، يەك كەس ئەتوانێت هەڵى بگرێت. نمونەى (M249) يەكێكە لە جۆرەكانى وردى لە تەقەكردن و نيشان شكاندندا، هەرچەند ڕێژەى تەقەكردنى زۆر بەرزە.

سەرەتا ئەم چەكەت ساڵى (١٩٨٠) هاتە خزمەتى سەربازييەوە، لەكاتى ئاساييدا ٧٥٠فيشەك دەتەقێنێت لە خولەكێكدا، لە باشترين كاتيشدا ڕێژەى تەقەكردنى دەگاتە ١٠٠٠گولە لە خولەكێكدا. ئەتوانرێت لە شان يان بيخەيتە بن باڵت و تەقەى پێ بكەيت، يان لەسەر قاچى ڕاگيرى بكەيت وتەقەى پێ بكەيت.

شێوازى پڕكردنەوەى شريتەكەى ٢٠٠ فيشەكى دەگرێت، بەڵام ناتوانيت مەخزەنى M16 بەكاربهێنيت، لە خوارەوەى لەشى ڕشێنەرەكە كراوەيەك هەيە ئەتوانين مەخزەنى تايبەتى بەخۆى لێ ببەستين. ئەتوانى بۆ ئامانجى ٨٠٠مەترى بەكارى بهێنيت. تەقەمەنى تيرەى ٥.٥٦ ملم جۆرى NATO SS 109 دەتەقێنێت. لە زۆر وڵات بەكارى دەهێنن، لە بەلجيكا كۆمپانياى FNو لە كەنەدا كۆمپانياى FN

Minmi لە ئوستڕاڵیا C9 و دروستی دکەن، هەندێك وڵات پرژێنەرەکە بەشێوەی لولە کورت دروست دەکەن بۆ هێزە پەڕەشوتەوانەکان.

| | |
|---|---|
| وڵاتی دروستکەر: | وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بەلجیکا، کەنەدا، ئوستڕاڵیا |
| بەکارهێنەر: | بەرگری پرژێنەری سوك، هێزە پیادە وشکانییەکان و هەروەها هێزە پەڕەشوتەوان و هێزەتایبەتەکانیش بەکاری دەهێنن. |
| وڵاتی بەکارهێنەر: | ئەمەریکا، بەلجیکا، کەنەدا، ئوستڕاڵیا. |

**پەسنە گشتییەکانی:**

| | |
|---|---|
| تیرە: | ٥.٥٦ ملم |
| جۆری تەقەمەنی | NATO SS 109 |
| درێژی: | ١٠٥٠مم |
| درێژی سەبەتانە: | ٤٦٥ مم |
| درێژی سەبەتانەی پەڕەشوتەوانەکان: | ٣٣٥مم |
| کێشی بە قاچەکانییەوە | ٦٥٠٠ گرام |
| کێشی شریتی ٢٠٠ فیشەکی | ٣١٤٠گرام |
| کێشی سندوقی ٣٠ فیشەکی | ٤٩٠گرام |
| تیرەی سەبەتانە | ٥.٥٦ مم |
| دورترین دوری کاریگەر: | ١٠٠٠م |
| دورترین شوێنی | ٣٦٠٠ |

| | |
|---|---|
| تێکڕای تەقەکردنی تیۆری: | ٧٢٥ گولە/خولەکێك. |
| تێکڕای تەقەکردنی پڕاکتیکی | ٨٥گولە/ خولەکێك |
| خێرایی گولە لەکاتی دەرچونی لە لولەکەی | ٤٩٠م/ چرکەیەك |
| هەر شریتێکی | ٢٠٠ گولە دەگرێت |
| هەر مەخزەنێکی | ٣٠ فیشەك دەگرێت. |

## وەرزی چواردەیەم

## کڵنکوف




یەکەم دەرکەوتی چەکی کلنکوف لە کۆتایی (١٩٨٨) بوو لە ئەفغانستان، سەبەتانە و بۆری غازی کورتکراوەتەوە، دەرچەیەکیان بۆ دروستکردنە بۆ دابەشکردن و سوتاندنی باروتی ماوە لە چەکەکە، ئەمەش بۆ ئەوەی کە چەکەکە پەرچەکرداری نەبێت.

کلاشنکۆف سەبەتانەی درێژە بۆ ئەوەی بەتەواوی باروتەکە بسوتێنێت، بەڵام کلنکوف ٨٠٪ باروتەکە دەسوتێنێت و ماوەکەی دەردەچێت، ئەگەر ئەم ژورەی نەبێت کە باروتی تیا دەسوتێت ئەو ماوەی باروتەکە دەڕۆنە دەرەوەی چەکەکە.

**پەسنی گشتی چەكەكە:**

| | |
|---|---|
| درێژی بەبێ لاق | ٤٣سم |
| عیاری چەك | ٥.٤٥ملم |
| هێڵی حەلەزونیی | ٤ هێڵ |
| مەغزەنی | ٣٠-٤٠ فیشەكی |
| خێرایی سەرەتای دەرچونی | ٨٠٠م/چركەیەك |
| دوری كاریگەر | ٣٠٠م |
| جۆری تەقەكردن | نیو ئالی ئۆتۆماتیكی |

**تایبەت مەندییەكانی چەكەكە:**

زۆر چوك و، بچوكە، زۆر كاریگەریە بەتایبەت لە جەنگی كۆڵان.

## وەرزی پانیزەیەم

## G3 تیرە ٧.٦٢

## وێنەی چەکەکە



چەکی (G-3) جی سری یەکێکە لە چەکەکانی هێزی پیادەی، چەکێکی هێزی پیادەی ئەڵمانیایە، کۆمپانیای (هیکلر أوند کوش) ساڵی (١٩٥٩) دروستیکردن ئێستا لە شەست وڵات بەکاری دەهێنن.

ئەتوانی ئەم چەکە وەك نیشان شکێن (قناص) بەکار بهێنیت بەتایبەت دوای بەستنی دوربینی تیشکی ژێر وەنەوشەیی یان بە دوربینی ئاسایی، هەروەها لەکاتی بەستنی سەبەتانەی تایبەت توانای هەیە بۆمبی تایبەت بەخۆی بتەقێنێت.

چەند وڵاتێك ئەم چەکە دروست دەکەن: دانیمارك، تورکیا، باکستان، هیند، ئێران، سعودیە.

**پەسنی گشتی چەکەکە:**

| | |
|---|---|
| تیرەی چەکەکە | NATO ٧.٦٢ |
| تیرەی گولەکەی | ٥١×٧.٦٢ ملم |
| درێژی سەبەتانە | ٤٥٠ملم |
| کێشی چەك بە بەتاڵی | ٤.٢٥ كگرام |
| لاق | دوو جۆری هەیە پلاستیکی و ئاسن |
| تێکڕای تەقەکردنی تیۆری | ٥٥٠گولە/ لە خولەکێکدا |
| کاریگەری لە دوری | ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ مەتر |
| خێرایی سەرەتایی | ٨٠٧مەتر/ لە چرکەیەك |
| مەخزەنی | ٢٠ فیشەکی |

**وەرزی شانزیەم**

**دەمانچەی (Makarova PM)**

**وێنەی دەمانچە**



(Makarova) دروستی کرد بە تیرە (٩) ملم، وەك چەکی بەرگری کەسی بۆ ئەفسەر و کارمەندانی سوپا و پۆلیسی سوپای سۆڤیەتی پێشوو، چەکێکی کاریگەریە کورت بڕ یان مامناوەندییە، تا ئەمڕۆش ئەم چەکە وەك چەکی بەرگری سەرەکی دادەنرێت لە روسیا و چەند وڵاتێکی دیکە، هەمان سیفەتی دەمانچەی ئەڵمانی (Walther PP) و (Walther P5)ی هەیە.

ئەم دەمانچە فشەکی تیرە (عیار) ٩ملمی کورت دەتەقێنێت، بەهۆی پاڵنانی غازەوە بۆ دواوە کاردەکات، یەکێکە لەو چەکانەی کە بەئاسانی بەکاردێت و دێتە دەست.

١- وڵاتی دروستکەر: یەکێتی سۆڤیەتی جاران و، ڕوسیای ئەمڕۆ.

٢- بەکارهێنان: چەکێکی نیمچە تۆماتیکی تایبەت و کەسییە.

٣- ئەو وڵاتانەی بەکاری دەهێن: ڕوسیا و چەند وڵاتێکی دیکە.

**پەسنە گشتی و هونەرییەکانی:**

| | |
|---|---|
| جۆر: | دەمانچەی نیمچە ئالی ئاسان جوڵەی میلە. |
| تیرە (عیار): | ٩×١٨ملم. |
| چۆری تەقەمەنی: | PM×P. |
| درێژی | ١٦١ ملم نمونەی |
| | ١٦٥ملم نمونەی PMM |
| درێژی سەبەتانە: | ٩٣.٥ملم |
| تیرەی سەبەتانە: | ٩ملم |
| کێشی شانەی بە بەتاڵی: | ٧٣٠گرام نمونەی PM |
| | ٧٦٠ گرام بۆ نمونە PMM |
| ژمارەی فیشەك: | ٨ فیشەك بۆ PM |
| | ١٢ فیشەك بۆ PMM |

# وەرزی حەڤدەیەم

## دەمانچەی تۆماتیکی (GLOCK 17, 16L. 19. 20. 21. 31. 34.35)

## وێنەی دەمانچە




### مێژور دروستبونی

دەمانچەی تۆماتیکی گلۆك (Glock 17) وەك نمونەیەکی بنچینەیی لە کۆمەڵەی دەمانچەی ئالی هاوچەرچ دانراوە و زۆر بەکاردێت، لە ساڵی (١٩٨٣)وە دەرکەوتوە و، تا ئەمڕۆش کاردەکات و بەکاردێت.

تا ئەمڕۆش ئەم نمونانەی هەیە (Glock , 19, 20,21,31,34,35,17) هەموو ئەمانە لەنمونەی (Glock 17) دەکەن، وەك شێوەی گشتی و بەکارهێنان لەڕوی دروستکردنەوە، هەروەها لەڕوی بەکارهێنان و جۆری تەقەمەنیش وەك یەکن، سەرجەمیان تەقەمەنی (٩×٩)ملم دەتەقەنێنن، بەڵام هەندێك دەستکاری و جیاوازی سادە و شێوەیی لە هەموو نمونەکاندا هاتووە، بۆ نمونە(Glock 19) سوکترە، هەروەها (Glock 17) لولەکەی درێژترە لەوانی دیکە.

کۆمپانیای دروستکەر ئەم نمونانەی وا لێکردوە بۆ ئەوەی بەکارهێنەرانی ئازادبن لەوەی کام جۆریان بەکرادەهێنن.

**پەسنەکانی:**

دەمانچەی ئۆتۆماتیکیەکە تەقەمەنی (٩×٩) بارابلوم، کە زۆربەی بەشەکانی لە پۆڵا دروستکراوە، لە بەشی چەپی نیشانەی جیاکەرەوەی (GLOCK17) و (AUSTRIA 9 o 19) واتە نمونەی کلۆکی ١٧ کە نەمسا دورستیکردووە، جۆری تەقەمەنی ٩ملمی بۆ بەکاردێت. وەك لە لای ڕاستی دەمانچەکە ژمارەی دەمانچە هەیە و لەسەر لولەکەی نوسراوە.

بەشی ناوەوەی لولەی دەمانچەکە حەلەزونی و لول پێچێکی زۆر سافە بۆ ئەوەی لەکاتی تەقاندنی گولەکە شێوەیەکی جێگیری وەربگرێت. دوای ئەوەی گولەکە دەتەقێت لەە بەشی چەپیەوە دەمانچەکە خاڵی دەبێتەوە، دوو هێمای نیشان شکێنی هەیە، کراوەی دواوە و قەرەوڵی پێشەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئامانجەکە یەکیان بخەیت و نیشانەی لێبگریت.

نەمسا دروستیکردووە.

بەکارهێنانی: سوپای و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و، کەسەکان بۆ بەرگری لەخۆیان.

**<u>پەسنی گشتی:</u>**

**دورییەکانی:**

**درێژی گشتی: ١٨٦ملم (٧.٣٣بوسە) نمونەی (Glock 17, 17L, 19, 20, 21)**

**ب- درێژی لولەکەی (٤.٤٥ بوسە) گلۆکی ٢١ و ٢٠.**

**(٣.٥٧) بوسە گلۆکی ٣١**

**کێشی بە بەتاڵی ٦٢٠گرام**

**لولەکەی شەش لول پێچی تیایە بۆ لای ڕاست.**

**١٧ فیشەك دەگرێت.**

**گولەی ٩×١٩ باربلوم بۆ بەکاردێت**

**سەرەتای دروست بونی ١٩٨٣ بوو.**

**ئەمن کردن، هیچ گیرەیەکی نییە بۆ ئەمن کردن، بەڵام لە سەر بەلەپیتکەکەی پارچەیەکی بچوك هەیە تا بەتەواوی نەنیشێت ئامادە نییە بۆ تەقەکردن لەکاتی پەنجە پێناندا هەستی پێدەکەیت.**